National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

## راپۆرتێك لەبارەی

# پڕۆژە ڕاگیراوەکانی گەرمیان

یەکەی چاودێری
حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پێشەکی:

لەپاش قەیرانی داراییەوە کە لە ساڵی ٢٠١٤ هەرێمی کوردستانی گرتەوە، تائێستا ژمارەیەک پرۆژە کە ئەوکات لە کاردابون یاخود بەردی بناغەیان دانرابو یان دواتر دانران، بەهۆی خەرجنەکردنی بودجەوە بۆیان ئێستا راگیراون و کارەکانیان دەستی پێنەکردوەتەوە.

ئەو پرۆژانەی راگیراون تەنها لە یەک کەرتدا نین، بەڵکو زۆرینەی کەرتەکانی گرتوەتەوە و ئایندەی پرۆژەکانیش هێشتا نادیارە.

لەم راپۆرتەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو پرۆژانەی لەسنوری گەرمیان کارەکانیان راگیراوە و هۆکاری راگرتنەکەیان و ئەو برە بودجەیەی بۆیان تەرخانکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەر دەزگایەکی حکومی بە جیا ئاماژە بە پرۆژە راگیراوەکانیان دەدەین، هەروەک بۆچونی لایەنی پەیوەندیدارەکانیش باس دەکەین لەبارەی گرنگی دەستپێکردنەوەی ئەو پرۆژانەوە.

## بەشی یەکەم: راپۆرت

### ١. بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەدەی گەرمیان

پرۆژە تەواونەکراوەکانی پەروەردەی گەرمیان، بریتین لەمانەی لایخوارەوە:

| ژ | پەروەردە | ناوی پرۆژە | شوێن پرۆژە | گوژمەی پرۆژە به دۆلار | بەرواری دەست بەکاربون | رێژەی تەواوبون | بودجەی پرۆژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کەلار | دروستکردنی قوتابخانەی ١٨ ۆلی | قەزای کەلار_ ناحیەی کۆکس | ٢, ٠٢٧, ٤٥٨, ٠٠ ٠ | ١٠/٢/٢٠١٣ | ٪٨٨ | وەبەرهێنان |
| ٢ | کفری | دروستکردنی قوتابخانەی ١٨ ۆلی | قەزای کفری _ ناحیەی سەرقەڵا | ١, ٠٨١, ٤٩٠ | ٢٢/٤/٢٠١٣ | ٪٧٩ | پترۆ دۆلار |
| ٣ | کفری | دروستکردنی قوتابخانەی ١٢ پۆلی | قەزای کفری _ هەواری نوێ | ١, ٧٨٩, ٢٤٧ | ٢٠١٣_٩_١٢ | ٪٢٣ | پترۆ دۆلار |
| ٤ | خانەقین | دروستکردنی دوو قوتابخانەی ١٨ پۆلی | سەعدییە_ گەرمیان | ٤, ٨٩٨, ٥٩ ٤, ٤٠٠ | ________ | _______ | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | خانەقین | دروستکردنی دو بینای باخچەی ساوایان | قەزای خانەقین | ١, ٤٧٢, ٥٨٨, ٤٠٠ | ——— | ——— | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان |

دروستنەکردنی قوتابخانە و راگرتنی کاری ئەو ناوەندانەی خوێندن کەلێنی بۆ کەرتی پەروەردە لە گەرمیان دروستکردوە.
دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان لە بارەی راگرتنی پرۆژەکانی پەروەردەوە وتی: "هۆکاری راگرتنی ئەو بینانەی کە وا بڕیاربو دروست بکرێن، دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی دارایی، هەر یەکە و بە رێژەیەک بیناکانیان تەواو بون، تاوەکو ئێستاش حکومەتی هەرێم هەنگاوی جدی نەناوە بۆ تەواو کردنیان".
وتیشی: چەند جارێک داوامان ئاراستەی وەزارەت کردوە بەتایبەت بۆ تەواوکردنی بینای قوتابخانەی ناحیەی کۆکس، بەڵێنیان پێداوین کە کارکردن تێیدا دەست پێبکاتەوە چاوەروانی ئەوەین.

## ٢. بەڕێوبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان

| ژ | ناوی پرۆژە | گۆژمەی پرۆژە | بەرواری دەست بەکاربون | رێژەی ئەنجامدراو | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی رێگای سەید خەلیل گۆبان لەگەڵ میحوەری ئۆپراسیۆنی خانەقین جەلەولا | ٢, ٠٥٢, ٨٣٠, ٤٠٠ | ١٧/١/٢٠١٨ | ٪٥٠ | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە |
| ٢ | تێکەڵە رێژو قیرکردنی رێگای (قەڵا چۆغە، خوێڵێن، مەملەحە، ئاوەبۆرکە) | ٣, ٦٩٢, ٢٩٢, ٧٩٦ | ٦/٧/٢٠١٣ | ٪١٦ | پەرەپێدان (نەوت) |
| ٣ | رێگای گوندەکانی ناوچەی شەمێران | ٨, ١٩٢, ٦٨٥, ٦٠٠ | ١٤/٧/٢٠١٣ | ٪٣٦ | پەرەپێدان (نەوت) |
| ٤ | قیرتاوکردنی سایدی دوەمی رێگای (خانەقین_باوە مەحمود) | ٦, ٣٨٧, ٧٣٣, ٢٠٠ | ٦/١٢/٢٠١٣ | ٪٣٢ | پەرەپێدان (نەوت) |

کارنەکردن لە پرۆژەکان بە وتەی بەرپرسان یەک هۆکاری هەیە ئەوەش خەرجنەکردنی بودجەیە، بەڕێوبەری ڕێگاوبانی گەرمیانیش دەڵێت: "کارنەکردن لەو پرۆژانەی ڕێگاوبان لە ئێستا و لە ساڵانی رابردوش هۆکارەکەی خەرجنەکردنی بودجەیە بۆ بەڵێندەران کە وایکردوە ئەو پرۆژانە بوەستێت، کە پرسیار ئاراستەی حکومەت و وەزارەتیش دەکرێت قەیرانی دارایی و ئێستاش ڤایرۆسی کۆرۆنا هۆکارە".

عەدنان خەلیل، بەڕێوبەری ڕێگاوبان، وتیشی: هەندێک پرۆژەمان هەیە لە کاردایە و بە سستی بەڕێوەدەچێت، بۆ نمونە: ڕێگای کەلار کفری بەڵێندەر لەسەر پارەی خۆی کارەکان دەکات و نەیوەستاندوە، ئەگەرنا حکومەت هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ بەگەڕخستنەوەی پرۆژە وەستاوەکان.

## ٣. بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

پێش دەستبەکاربونی کابینەی نوێی حکومەت بەشێک لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەلایەن شارەوانیەکانەوە لەسەر بەشێک لە داهاتی شارەکان جێبەجێدەکرا، بەڵام پاش دەستبەکاربونی کابینەی نوێی حکومەت ئەو پرۆژانەش راگیران.

بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان وتی: "هۆکاری راگرتنی هەمو پرۆژەکان لە سنوری شارەوانی دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی دارایی کە تەمویلی هەموی وەستاند، تەنها چەن پرۆژەیەک نەبێت کە لەسەر پەرەپێدانی پارێزگاکان ئەنجام دەدرا".

وتیشی: ئەو پرۆژانەش کە لەسەر داهاتی شارەوانی بو کە ١٧% بو دەمانتوانی هەندێک پرۆژەی بچوک ئەنجام بدەین، ئەمەش بە بڕیارێکی حکومەت راگیرا، سەرباری ئەوەش فرۆشتنی زەوی شارەوانیش راگیرا، ئەمەش کاریگەری خراپی هەبو لەسەر ئەنجامدانی پرۆژە.

باسی لەوەشکرد: وەزارەتی شارەوانی بە نوسراو ئاراستەی کردوین کە زەوی نایاب دیاری بکەین و بیفرۆشینەوە بۆ ئەوەی هەندێک خزمەتگوزاری پێ ئەنجام بدەین، ئێمەش ئەوەی پێویست بێت کردومانە و چاوەڕوانی وەزارەتین، بەدەر لەمە حکومەت لە ئێستا هیچ پلانێکی نیە بۆ بەگەڕخستنەوەی ئەو پرۆژانەی کە راگیراون.

پرۆژە راگیراوەکانی شارەوانیش بەپێی قەزا و ناحیەکان، بەمشێوەیەن:

### ا. قەزای کەلار

سەرۆکی شارەوانی کەلار دەڵێت: راگرتنی داهاتی لە ١٧%ی شارەوانی کاریگەری زۆری هەبو لەسەر ئەنجامدانی پرۆژەکانی شاری کەلار.

ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار دەڵێت: "ئێمە پرۆژەیەکی زۆرمان راگیراوە لە کەلار، پێشتر کۆمەڵێک پرۆژەی بچوکمان هەبو جێبەجێمان دەکرد لەسەر داهاتی شارەوانی یان بە فرۆشتنی زەوی شارەوانی و ئەو داهاتەی کە کۆمان ئەکردەوە لە موڵک و ماڵی دەوڵەت، بەڵام لە ئێستادا ئەمانە نەماون و راگیراون، ئەمەش کاریگەری زۆری هەبو کە بە فەرمانێکی حکومەت هەموی راگیرا".

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمی پرۆژە | جۆری بودجە | رۆژی دەست بەکاربون | رێژەی کاکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | خزمەتگوزاری شۆستەو قیرتاوکردنی گەڕەکە بنگرد و ئاوەڕۆی لولەیی و کۆنکریتکردنی کۆڵانەکانی گردەگۆزینە قەزای کەلار | ١, ٩٥٥, ٧٧٢ | پەرەپێدانی گەرمیان | ١٦/٧/٢٠١٣ | ٪٧٥ |
| ٢ | دروستکردنی شەقام و شۆستەی گەڕەکەکانی شەهیدان و خەبات و مامۆستایان و شارەوانی یەک | ٦, ٤٠١, ٧١٠ | پەرەپێدانی گەرمیان | ٢٥/٧/٢٠١٣ | ٤٠% |
| ٣ | شۆستە و قیرتاوکردنی گەڕەکەکانی گۆران و ئازادیی و بەردەسور | ٤, ٧٢٥, ٢٣٤ | پەرەپێدانی گەرمیان | ١٣/١٠/٢٠١٣ | ٪١٣ |
| ٤ | تەواوکاری خزمەتگوزاری گەڕەکەکانی ئەنفالەکان لە کەلار | ٤, ٨٧٢, ٧٢٠ | پەرەپێدانی گەرمیان | ١٢/٥/٢٠١٣ | ٪٢ |
| ٥ | شۆستە و قیرتاوکردنی گەڕەکەکانی ئەندازیاران و سیروان لە کەلار | ٣, ٤١٨, ١٥٩$ | پەرەپێدانی گەرمیان | ٢٣/٢/٢٠١٤ | ٪٠ |
| ٦ | دروستکردنی جادەی پشتێنەی کەلار بەشی سێیەم | ٣, ٣٤١, ٥٢٠, ١٠٠ | پەرەپێدانی گەرمیان بۆ ساڵی ٢٠١٣ | ٤/٥/٢٠١٤ | ٪٨٥ |

سەرۆکی شارەوانی کەلار، باسی لەوەشکرد: کۆمەڵێک پرۆژەی دیکەمان هەیە کە لەسەر بودجە جیاجیاکانی حکومەت بو، وەک قیرتاوکردنی گەڕەکەکانی شاری کەلار و تەواو کردنی باخچەکانی گەڕەکەکان، بۆیە چاوەڕوانی حکومەتین کە دەست بە ئەو پرۆژانە بکاتەوە.

پێشتر لەسەر داهاتی شارەوانی کە لە ٢٠% بو دواتر بو بە ١٧% کۆمەڵێک پرۆژەی پێ ئەنجام دەدرا، بەڵام لە ئێستادا بە فەرمانێکی حکومەت ڕاگیراوە.

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ڕاگرتنی ئەو داهاتەی کە لەسەر شارەوانی بو پرۆژەی پێ ئەنجام دەدرا، دەشڵێت: ڕاگرتنی ئەو ١٧%یە کاریگەرییەکی خراپی هەبو، چونکە چەندین پرۆژەمان پێ تەواو کردوە.

هێمای بۆ ئەوەش کرد: لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کە لەم دوایەدا سەرف کرا ٩٠٠ملیۆن دینار بو کە بەر گەرمیان کەوت یەک پرۆژەمان هەبو ئەویش خۆی کارەکانی لە کۆتایدا بو، ئەویش تەواو کردنی خزمەتگوزارییەکانی گەڕەکەی شەهیدان بو.

### ب. قەزای کفری

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمی پرۆژە | رێژەی جێبەجێکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواوکاری خزمەتگوزاری گەڕەکەکانی (راپەرین و ئازادی و ئیمام محەمەد) | ٤,٤٠٥,٢٠٦$ | ٪٢٢ | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم |
| ٢ | تەواوکاری خزمەتگوزاری گەڕەکەکانی (شۆڕش و شەهیدان و مامۆستایان) | ٣,٥٣٩,٠٨٠$ | ٪١٥ | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم |
| ٣ | جوت سایدی کفری_کارێز | ١,٨٨٢,٦٠٠$ | ٪١٢ | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم |
| ٤ | دروستکردنی بینای شارەوانی و فەرمانگەی ئاوی کفری | ١,٤٠٠,٠٠٠$ | ٪٥٠ | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم |

### ت. قەزای خانەقین

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمی پرۆژە | رێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | قیرتاوکردنی سایدی دوەمی خانەقین_باوەمەحمود قۆناغی یەکەم | ٥,٣١٣,٢٥٧$ | ٪٢٠ | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانیهەرێم |
| ٢ | جوت سایدی خانەقین__ سیروان | ٢,٠٠٢,١٢٠$ | ٪٣٦ | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانیهەرێم |
| ٣ | قیرتاوکردن و کربستۆنی جادەی سەرەکی تۆلەفرۆش لە خانەقین | ١,١٢٤,٠٠٠,٠٠٠بە دینار | ٪٠ | ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم |
| ٤ | دروستکردنی ئاوەرۆ و دانانی کربستۆن بۆ گەڕەکی کرێکاران لە خانەقین | ١,٣٦٣,٠٠٠,٠٠٠ بە دینار | ٪٠ | ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم |
| ٥ | جادە سازی و خزمەتگوزارییەکانی جادەی دادگای خانەقین | ١,٣١٤,٠٠٠,٠٠٠بە دینار | ٪٠ | ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم |
| ٦ | دروستکردنی ناوەندی وەرزشی پلە ٢ خانەقین | ١,٣١٩,٧٦٦,٥٠٠ بە دینار | ٪٠ | ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم |

## پ. ناحیەی رزگاری

| ژ | ناوی پرۆژە | گۆژمی پرۆژە | گۆژمی خەرجکراو | رێژەی جێبەجێکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژەی رێگاسازی گەرەکەکانی ناحیەی رزگاری | ٤, ٥٩٦, ٥٦٥ $ | ١, ٣٤٨, ٨٥١$ | ٪٥١ | پەرەپێدانیناوچە جیاجیانی هەرێم |
| ٢ | دروستکردنی شۆستەو قیرکرن بۆ بەشی دوەمی گەرەکەکانی ناحیەی رزگاری | ٤, ٣٥٩, ٨٤٥ $ | ٧٦٥, ٨٧٧$ | ٪٢٠ | پەرەپێدانیناوچە جیاجیانی هەرێم |

## ج. پێباز

| ژ | ناوی پرۆژە | گۆژمەی پرۆژە | گۆژمەی خەرج کراو | رێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژەی ئاوەرۆ و رێگاسازی کۆلانەکانی پێباز | ١, ١٨٠, ٢١١$ | ٥٩٠, ١٠٥, ٥٠ | ٪٥٠ | پترۆ دۆلار |

## خ. کولەجۆ

| ژ | ناوی پرۆژە | گۆژمەی پرۆژە بە دینار | گۆژمەی خەرج کراو | رێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی جادەی دوسایدی سەرەکی بەشی یەکەم کولەجۆ | ١, ٣٢١, ٨١٤, ٦٠٠ | ٠ | ٪٢٠ | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیانی هەرێم |

## ٤. بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان

بەرێوبەری تەندروستی گەرمیان باس لەوەدەکات کە کەرتی تەندروستی ژێرخانێکی تەندروستی نەبوە، ئەو پرۆژانەشی کە هەن و راگیراون زۆر کەمن بۆ ناوچەکە.

د. سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، باس لەوەدەکات: هۆکاری راگرتنی پرۆژەکان قەیرانی داراییە و ئێستا ٣ پرۆژەمان هەیە کە راگیراون، تەنانەت سەنتەری دانەکەمان نزیکەی لە ٨٨% کارەکانی تەواو بوە و پێویستی بە ٢٠٠ هەزار دۆلار هەیە.

وتیشی: نەخۆشخانە ١٠٠ قەرویڵەیەکە لە ئەولەویەتی کاری ئێمەیە ئەگەر حکومەت بودجە سەرف بکات.

هێمای بۆ ئەوەش کرد: کەرتی تەندروستی ژێرخانێکی تەندروستی لاوازی هەیە و زۆر گرفتی بینامان هەیە و کەمترین بینا دروست کراوە و زۆربەیان هی خۆیان نیە، بۆ ئەمەش ئەبێت بگەڕێیتەوە بۆ سەرەوە بۆچی ئەمە نەکراوە، وە هیچ پرۆژەیەکیشمان نیە کە پەرەپێدانی پارێزگاکان گرتبێتیەوە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | رێژەی کارکردن | ساڵی دەست بەکاربون | جۆری پرۆژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی نەخۆشخانەی ١٠٠قەرویڵەیی مناڵان | ١٨,٠٠٠,٠٠٠$ | %٣٤ | ٢٠١٣ | پترۆ دۆلار |
| ٢ | دروستکردنی سەنتەری ددان لە کەلار | ٢٠٠,٠٠٠$ | %٨٠ | ٢٠١٣ | پترۆ دۆلار |

هەروەک پرۆژەیەکی دیکە هەیە لەسەر بودجەی پترۆدۆلار، کە هاوبەشە لە نێوان تەندروستی و پەروەردە، کە بریتیە لە دروستکردنی بنکەی تەندروستی تایپی (D) لە ناحیەی رزگاری و بنکەی تەندروستی تایپی (D) لە گوندی تۆپ عەسکەر لە ناحیەی قۆرەتو، لەگەڵ فراوانکردنی قوتابخانەی گوندی بنکورە لە ناحیەی قۆرەتو. بە گوژمەی (٩٧٨٧١٠٤٠٠) دینار.

## ٥. بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان

نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکانی گەرمیان کارکردن تێیاندا راگیراوە و جێگری بەڕێوبەری شوێنەواری گەرمیان دەڵێت: نۆژەنکردنەوەی ئەو دو پرۆژەیە کە راگیراوە بەرەو لەناوچون دەچن.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە بە ملیۆن دینار | رێژەی کارکردن | بەرواری دەستبەکاربون | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نۆژەنکردنەوەی بازاڕی قەیسەری کفری | ٧٠٠٠ | ٪١٠ | ٢٠١٣ | وەبەرهێنان (وەزارەت) |
| ٢ | نۆژەنکردنەوەی قەڵای مەحمود پاشا | ٦٠٠ | ٪٠ | ٢٠١٣ | وەبەرهێنان (وەزارەت) |

ساڵح محەمەد سەمین، جێگری بەڕێوبەری شارەوانی گەرمیان وتی: "ئەو پرۆژانەی کە ڕاگیراوە هۆکارەکەی قەیرانی داراییە و ئەو ساڵەی کە دەرچو تا ڕێکارە یاساییەکانی و دیزانی تەواو بو قەیران هاتو ڕاگیران و تاوەکو ئێستاش حکومەت هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ بە کارخستنەوەیان".

وتیشی: پەرلەمانتاران فشارێکیان دروست کرد و لیژنەیەک دروست کرا وا شەش مانگە هیچ نەکراوە بەتایبەت بۆ ئەوەی بازاری قەیسەری کفری، تەنانەت ٢ ساڵی کە ئەم دو پرۆژەیە بەکەڵکی نۆژەن کردنەوەش نایەن وا بەرەو لەناوچون دەچێت.

## ٦. بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان

"هۆکاری ڕاگرتنی پرۆژەکانی بەڕێوبەرایەتیمان دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، چونکە لە ساڵی ٢٠١٣ بەشێک لەو پرۆژانە دەستی پێکردوە". پشتیوان عەبدولکەریم، بەڕێوبەری گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان وادەڵێت.

وتیشی: ئەو پرۆژانەی کە لەسەر نەوت بوە ناتوانرێت بگۆڕدرێن و بخرێتە سەر بودجەیەکی دیکە، بۆیە هەر چاوەڕوانی ئەوەین لەسەر هەمان بودجە دەست بەکاکردن بکرێتەوە تێیاندا، ئەگەرچی چەندین جار هەوڵمانداوە کە بەگەڕبخرێنەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هەنگاوی جدی بۆ نەنراوە.

سەبارەت بە ئەو زیانانەی کە بەر پرۆژەکان دەکەوێت کە نیوەیان تەواو بوە، باسی لەوەشکرد: هەر پرۆژەیەک کە دەرخستەی بۆ دەکرێت و ساڵێک بۆ سیانەش دیاری دەکرێت، ئەمە لەسەر بەڵێندەرە کە توشی هەر زیانێک بوبێت، تەنانەت ساڵێک دوای تەواو بونی هەر پرۆژەیەکیش کە ڕادەست دەکرێتەوە توشی هەر زیانێک ببێت ئەوەش هەر لەسەر بەڵێندەرە، لەگەڵ ئەوەش هەمو ئەو پرۆژانەی کە ڕاگیراون توشی زیان بون.

سەبارەت بەوەی کە ئەولەویاتیانە کام لەو پرۆژانەی کە ڕاگیراون و دەست بەکارکردن بکرێتەوە تێیاندا بەڕێوبەری گەشتوگوزار وتی: "هەمو پرۆژەکان لە ئەولەویاتمانایە".

دەشڵێت: چاوپۆشیش لە هیچ پرۆژەیەک ناکەین و کە بە کەموکورتیەوە تەواوی بکەن، وە هیچ پرۆژەیەکیشمان نەبوە لەسەر پەرەپێدانی پارێزگاکان کە کارتێیدا دەستی پێکردبێتەوە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گۆژمەی پرۆژە بە دینار | ڕێژەی کاکردن | ساڵی دەستبەکاربون | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گەشتیاری بەنداوی ئەڵوەن لە خانەقین | ١, ٥٠٠, ٠٠٠, ٠٠٠ | ١٥٪ | ١٤/٥/٢٠١٤ | وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠١٣ (وەزارە ت) |
| ٢ | دروستکردنی شوێنی گەشتیاری | ١٠٠٠, ٠٠٠, ٠٠٠ | ٧٠٪ | ١٥/١/٢٠١٤ | وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠١٣ (وەزارە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | لە دەروازەی کەلار_سلێمانی | | | | ت) |
| ٣ | گەشتیاری بەردەسور | ٢, ٥٠٠, ٠٠٠, ٠٠٠ | ٠٪ | ________ | وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠١٣ (وەزارەت) |
| ٤ | جوانکاری و گەشتیاری کردنی دەوروبەری قەڵای شێروانە | ٢, ٠٠٠, ٠٠٠$ | ١١٪ | ١٦/١٢/٢٠١٣ | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ساڵی ٢٠١٣ |
| ٥ | گەشتیاری بەنداوی باوەشاسوار | ١, ٠٠٠, ٠٠٠$ | ٢٣٪ | ٦١/٢/٢٠١٣ | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ساڵی ٢٠١٣ |

## ٧. بەڕێوبەرایەتی ئاودێری گەرمیان

بەشێک لە بەڕێوبەرەکان باس لەوەدەکەن کە پێویستە حکومەتی هەرێم هەنگاوی جدی بنێت بۆ دوبارە بەگەڕخستنەوەی ئەو پرۆژانەی کە راگیراون.

موئەیەد ئەحمەد شەمسوڵڵا، بەڕێوبەری ئاودێری گەرمیان، وتی: "هۆکاری راگرتنی پرۆژەکانی بەڕێوبەرایەتیمان تەنها قەیرانی داراییە و هیچ کێشەیەکی دیکە وەک تەکنیکی یاخود بەڵێندەرمان نیە، ئەوەی هەیە خەرج نەکردنی بودجەیە".

وتیشی: کارکردن لەو پرۆژانە کە پێکەوەن کە لە ٢١%ی تەواو بوە بەشێکی تێکچوە و پێویستی بە سیانەی دوبارە هەیە، ئەمەش زەرەرەکەی بۆ کۆمپانیان و حکومەتیش دەگەڕێتەوە، پێویستە ئەم پرۆژەش تەواو بکرێت، چونکە زۆر گرنگە و ئاو گل دەداتەوە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمی پرۆژە | رێژەی کارکردن | بەرواری دەستبەکاربون | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژەی ئاودێری کانی کرمانج و شاوازی لە ناحیەی مەیدان | ٨٦٤, ٦٥٤$ | ٢١.٦٪ | ٣١/١٢/٢٠١٣ | پترۆ دۆلار |

## ٨. بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری گەرمیان

سێ پرۆژەی هونەری و وەرزشی لە سنوری گەرمیان راگیراون و بەڕێوبەری گشتی رۆشنبیری گەرمیان باسی لەوەکرد: هۆکاری دوان لەو پرۆژانە کە تایبەتن و بە هۆڵ دروستدەکرێت پەیوەندی بە قەیرانی داراییەوە هەیە کە راگیراوە، بەڵام دروستکردنی هۆڵی رۆشنبیری کەلار حکومەت خۆی رایگرتوە و پەیوەندی بە قەیرانی داراییەوە نیە و کۆمپانیاکە وەکپێویست کاری تێدا نەکردوە، هەوڵمان داوە کە بخرێتەوە کار، بەڵام تائێستا چارەسەر نەکراوە رەنگە هۆکارەکەی قەیران بێت.

ئاکۆ هۆرێنی، وتیشی: بە خستنەوەگەڕی ئەم پرۆژانە سودێکی گەورەی دەبێت بۆ ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەش لە پەرەپێدانی پارێزگاکان کە لەم دواییەدا سەرف کرا هیچ سودێکمان لێ نەبینی.

دەشڵێت: بەپێی ئەو بەدواداچونەی کە کردومانە بۆ ئەم پرۆژانە هیچ تێکنەچوە و پێویستی بە سیانەکردن نیە، بودجەی ئەم پرۆژانەش لەسەر وەزارەتی رۆشنبیرییە، بەگەڕیش بخرێنەوە چاوپۆشی لە هیچ کۆمپانیایەک ناکەین کە کارەکانی بە خراپی رایی بکات، هەرسێ پرۆژەکەش گرنگە بۆمان و لە ئەولەویاتمانیایە و داوامان کردوە هەرسێ پرۆژەکە بخرێتەوە کار.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە بە دینار | رێژەی کار کردن | بەرواری دەست بەکاربون | جۆری پرۆژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هۆڵی رۆشنبیری کەلار | ٥١, ٦٦٨, ٧٢١, ٩٢ | %٦٥ | ٢٠١١/١/٩ | وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان |
| ٢ | دروستکردنی هۆڵی وەرشی پارائۆلۆمپیک لە کەلار | ٠٢, ٩٩٨, ٥٠٠, ٠٠ | %٦٠ | ٢٠١٣/٩/٥ | پەرەپێدانی ساڵی ٢٠١١ |
| ٣ | دروستکردنی هۆڵی داخراوی وەرزشی لە کفری | ٠٣, ٦٩٢, ٣٠١, ٠٠ | %٣٥ | ٢٠١٣/١٢/٢٢ | وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان |

## ٩. بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان

یەکێک لەو بەڕێوبەرایەتیانەی ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی راگیراوە بەڕێوبەرایەتیەکانی ئاوە کە ١٠ پرۆژەیان راگیراوە.

نەوزاد حەمید ئەحمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، دەڵێت: "کۆی گشتی پرۆژەکانمان کە راگیراوە ١٠ پرۆژەیە و هۆکاری راگرتنی سەرەکی قەیرانی داراییە، هەوڵیشمان داوە چارەسەر بکرێت و بودجەی بۆ دابین بکرێت، بەڵام تاوەکو تائێستا هەوڵەکانمان بێ ئاکام بون لەلایەن حکومەتەوە".

دەشڵێت: ئەو پرۆژانەی کە وەستاون توشی تێکچون بون هەمانە ماتۆڕی هەیە و خراپ بوە بەتایبەت ئەو پرۆژەیەی لە ناحیەی رزگارییە، هەروەها هەمو پرۆژەکان گرنگن، بەڵام لە ئەولەویاتمانە ئەو پرۆژەی دروست کردنی تاقیگەی مەرکەزی ئاوە کە دەست پێبکاتەوە، چونکە بۆ هەمو گەرمیان سودی هەیە.
باسی لەوەشکرد: هیچ برە پارەیەک بۆ ئێمە سەرف نەکراوە لە پەرەپێدانی پارێزگاکان و پێشنیاریشمان کردوە بۆ ئیدارەی گەرمیان لەو پرۆژانە کە رێژەی زۆری تەواو بوە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | رێژەی کاکردن | بەرواری دەست بەکاریون | جۆری پرۆژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی تاقیگەی مەرکەزی ئاو لەگەڵ پێداویستی تاقیگە بۆ بەڕێوبەرایەتی ئاوی گەرمیان لە کەلار | ٣, ٦٠٧, ١٤٧ ٠, ٥٠ | %٧٢ | ٢٠١٢/٤/٢٢ | بودجەی وەبەرهێنانی ٢٠١٠ی وەزارەتی شارەوا نی |
| ٢ | دروستکردنی بینای بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان | ١, ٩٧٠, ٠٠٠, ٠٠٠ | %٩٢ | ٢٠١١/٦/٣ | بودجەی وەبەرهێنانی ٢٠١٠ی وەزارەتی شارەوا نی |
| ٣ | راکێشانی تۆڕی ئاو بۆ گەڕەکی شارەوانی لە قەزای کفری | ٤٥٦, ٨٧٦, ٠ ٠٠ | %٤١ | ٢٠١٣/١/٣ | تەواوکاری ٢ نەوت بۆ ساڵی ٢٠١١ |
| ٤ | لێدانی دو بیر و دروستکردنی ژورو پێداویستەکانی لە قەزای خانەقین | ٩٩, ٥٧٧, ٠١ ٢ | %٥٨ | ٢٠١٢/١٢/٢٣ | بودجەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، وەزارەتی شارەوانی |
| ٥ | نۆژەنکردنەوەی پرۆژەی ئاوی خانەقین لەگەڵ تۆڕی ئاوەکان | ١, ١١٥, ٠٨٢ $ | %٧٤ | ٢٠١٣/٦/١٣ | پەرەپیچدانی هەرێمەکان بۆ ساڵی ٢٠١٢ |
| ٦ | دروستکردنی شەقامی سەرەکی لە ناحیەی سەرقەڵا و لێدانی بیری ئاوی | $١٠٠, ٠٨٠ | تەنها بەشی | ٢٠١٣/٧/٢٥ | پەرەپێدانی ناوچە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | خواردنەوە لەگەڵ تۆڕی ئاو بۆ گوندی هەرمۆڵە | | لێدانی بیرەکە (٧٥%) | | جیاجیاکانی هەرێمی کوردس تان |
| ٧ | راکێشانی تۆڕی ئاو لەگەڵ دروستکردنی حەوزی کۆنکریتی بۆ گوندی حەسەن مەحە و لێدانی بیری قوڵ و دروستکردنی ژور لە گەڕەکی گەرمیان لە ناحیەی رزگاری لەگەڵ گەیاندنی کارەبای نیشتمانی بۆ بیری ئیرتیوازی گوندەکانی تازەدێ و حەسەن محە و عیسایی وە پرۆژەکانی تانکی ئاو بە قەبارەی (٣٠٠)مەتر سێ جا لە ناحیەی رزگاری | ٢٢١, ٥٣٠, ٠٠٠ | %٩٠ | ٢٠١٣/٤/٣ | گەشەپێدانی هەرێمەکان ٢٠١١ |
| ٨ | دروستکردنی تانکی ئەرزی و پەمپ ستەیشنی ناحیەی رزگاری/کەلار | ٤٠٨, ٩٦٤, ٠٠ . | %٧٠ | ٢٠١٣/١/٢٧ | وەبەرهیچنان ٢٠١٢ |
| ٩ | راکێشانی کارەبای نیشتمانی ئاوی شێخ تەویل و گوندەکانی بەکربایەف و گۆڕی ئەسپ | ٤٩, ١٠٠, ٠٠٠ | %٢٠ | ٢٠١٣/٨/٢٠ | گەشەپێدانی هەریچمەکان ٢٠١١ |
| ١٠ | دروستکردنی بینای فەرمانگەی ئاوی کفری | $٦٠٣, ٢٨٠ | %٥٨ | ٢٠١٣/٧/٢٧ | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردس تان |

### ١٠. بەڕێوبەرایەتی وەرزشی گەرمیان

"هۆکاری راگرتنی پرۆژەکانی وەرزش قەیرانی داراییە و هیچ هۆکارێکی دیکە نیە، ئەو پرۆژەش کە هەمانە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان نەیگرتەوە تا کارکردن تێیدا دەست پێبکاتەوە، هەر بۆیە لە ئەولەویەتی ئێمەدایە کە راستەوخۆ دەست بکرێتەوە بە کارکردن تێیدا ئەگەر بودجە سەرف بکرێت"، تەڵعەت سەعدوڵڵا، بەڕێوبەری وەرزشی گەرمیان وای وت.

باسی لەوەشکرد: بە خستنەوە گەڕی ئەو پرۆژەیە سودێکی زۆری بۆ ناوچەکە دەبێت بەتایبەت بۆ وەرزشوانان، بودجەی ئەم پرۆژەیەشمان لەسەر پترۆ دۆلارە هەوڵ دراوە و داوامان کردوە بە نوسراوی فەرمی لە ئەنجومەنی وەزیران کە جۆری بودجەکەی بخرێتە سەر حکومەت بۆ ئەوەی کارکردن تێیدا دەست پێبکاتەوە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمی پرۆژە | رێژەی کارکردن | بەرواری دەست بەکاربون | جۆری بود جە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی یاریگای یانەی شێروانە لە کەلار | ٤, ٣٢٢, ٠٥ $٧ | %٢٥ | ٢٠١٦ | پترۆ دۆلار |

## ١١. سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان

هاوشێوەی بەڕێوبەرایەتیەکانی دیکە سەرۆکی زانکۆی گەرمیان دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان بە گرنگ دەزانێت و دەڵیت: ئەو پرۆژانەی کە راگیراون لە سەرۆکایەتی زانکۆ هەموی پێویستیە و گرنگە کارکردن تێیدا دەستپێبکاتەوە.

د. فەرهاد قادر، سەرۆکی زانکۆی گەرمیان، وتی: "هۆکاری راگرتنی پرۆژەکانی سەرۆکایەتی زانکۆمان دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی دارایی و خەرج نەکردنی بودجە، تەنها یەکێک لە پرۆژەکان نەبێت ئەویش مەلەوانگەکەی خانەقینە کە هەندێک گرفتی ئەندازەیی هەبو لەلایەن بەلێندەرەوە".

وتیشی: یەکێک لەو پرۆژانەمان لەسەر پترۆ دۆلارە، کە ئەویش هی ئەنجومەنی وەزیرانە و بە نوسراوی فەرمی داوامان کردوە کە چارە بکرێت، بەڵام لە کابینەی تازە هیچ باسی لێوە نەکراوە، هەروەها ئەو پرۆژانە گرنگە بۆ ناوچەی گەرمیان و دەبو چەند ساڵێک پێش ئێستا تەواو بوایە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەو پرۆژانەمان کە راگیرابون توشی تێکچون بون و زەرەی مادی زۆری هەیە بەتایبەت کتێبخانەکە و مەلەوانگەکە، وە زیانی زیاتریشی پێ ئەگات ئەگەر زو چارەسەر نەکرێت.

| ژ | **ناوی پرۆژە** | **گوژمی پرۆژە** | **بەرواری دەست بەکاربون** | **رێژەی کارکر دن** | **جۆری بودجە** |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی بینای سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان لە کەمپی زانکۆی بەردە سور | ٠٧, ٨٩٥, ٩٠٢, ٠٠ | ٢٠١٣/٨/٢٥ | %٥٨ | وەبەرهێنان (وەزارەت) |
| ٢ | دروستکردنی بینای کتێبخانەی | ٠٥, ٩٨٩, ٤٦٤, ٠٠ | ٢٠١٢/٧/١٨ | %٨٥ | وەبەرهێنان |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | گشتی بۆ زانکۆ لە کەمپی زانکۆی گەرمیان لە بەردەسور | | | | (وەزارەت) |
| ٣ | دروستکردنی بنکەی پۆلیس و تەندروستی و کۆگای زانکۆ لە کەمپی زانکۆی گەرمیان لە بەردە سور | ٠٣, ٠٦٠, ٠٧٢, ٠٠ | ٢٠١٣/٩/١٥ | %٧٣ | وەبەرهێنان (وەزارەت) |
| ٤ | دروستکردنی کۆمەڵگەی وەرزشی )مەلەوانگە (لە خانقین بۆ کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی یەر بە زانکۆی گەرمیان | $١, ١٦٩, ٣٧٨ | ٢٠١٣/٥/١٩ | %٧٠ | پترۆ دۆلار |

## ١٢. پرۆژەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ

## ا. بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | ساڵی دەستبەکاربون | رێژەی کار کردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی سەربرپینخانەی کەلار | ٠١, ٥٤٩, ٢٦٠, ٠٠ | ٢٠١١/١/١٦ | %٥٨ | نفقات حاكمە_ئاسایی ساڵی ٢٠٠٧ |
| ٢ | دروستکردنی بینای کشتوکاڵی خانەقین | ٤٢٧, ٩٤١, ٥٠٠ | ٢٠١٢/٤/١٠ | %٧٠ | وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠١١ |

**ب. بەڕێوبەرایەتی گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو**

بەڕێوبەری گشتی بەنداوەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ باس لەوە دەکات بۆ بەگەرخستنەوەی ئەو پرۆژانەی کە هەن زۆر هەوڵ دراوە، بەڵام بێ هودە بوە، چونکە تەنها وەڵام لە ئێستا و رابردوش هەر قەیرانی دارایی بوە. ئەکرەم ئەحمەد، بەڕێوبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان وتی: "تەنها هۆکاری راگرتنی ئەو پرۆژانەی کە هەن قەیرانی داراییە، بەشێک لەو پرۆژانەش کە وەستاون توشی تێکچون بون بە بەردەوامی بەدواداچونمان هەیە، بەڵام زوە بۆ ئەوەی کە هەڵسەنگاندن بکرێت، لەگەڵ ئەوەش بریارێکی ئەنجومەنی وەزیران هەیە دەڵێت: لە ئێستا هیچ قەرەبویەک نیە بۆ زیانەکان ئەوەی دەیەوێت وازبێنێت، ئێمەش بەمە رازی نەبوین".

باسی لەوەشکرد: زۆر هەوڵمانداوە کە ئەو پرۆژانە بەگەڕبخرێنەوە، بەڵام بێ هودە بوە، چونکە وەڵامەکەیان لە ئێستا قەیرانی داراییە.
دەشڵێت: لە هەمو سنوری پارێزگای سلێمانی و گەرمیانیشدا لە ئەولەویەتی کارماندایە کە بەنداوی باوەنور بەگەڕبخرێتەوە، چونکە یەکێکە لە بەنداوە هەرە ستراتیژییەکانە و لە پێشی هەمو پرۆژەکانە.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | بەرواری دەست بەکاریون | ڕێژەی کارکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی بەنداوی باوەنور | ٢٣٤,٣٦٢,٠٣١,٠٠٠ | ٢٠١٣/٨/٢١ | ١% | وەبەرهێنان |
| ٢ | دروستکردنی بەنداوی تورە جاڕ لە ناحییەی شێخ تەویل | ٥, ٢٠١, ٧٤٧, ٢٥٠ | ــــــــ | ــــــ | وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠١٣ |
| ٣ | دروستکردنی بەنداوی خۆرنەوەزان لە قەزای کفری | ١٦, ٥٠٨, ٥٢٩, ٥٧٩ | ٢٠١٠/١٠/٢٣ | ٩٥% | وەبەرهێنان |

**١٣. بەڕێوبەرایەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی گەرمیان**

هاوشێوەی پرۆژەی وەزارەتەکانی تر قەیرانی دارایی هۆکاری ڕاگرتنی ئەو پرۆژانەیە کە سەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنە.
عەلی مەدحەت، لێپرسراوی بەشی هونەری لە بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی گەرمیان باس لەوە دەکات: کۆی پرۆژەکانیان پرۆژەی گرنگن بەتایبەت ئەو پرۆژانەی کە تایبەتە بە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبون بۆ کەمدەرامەتان.
وتیشی: ئەو پرۆژانەی ڕاگیراون زیانی زۆریان پێگەیشتوە بە تایبەت ئەوانەی کە لە قۆناغەکانی کۆتایدان، وەزارەت بەڵێندەرانی سەرپشک کردە کە پرۆژەکە رادەست بکەنەوە یاخود چاوەڕوانی بەگەڕخستنەوەی بکەن.

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | ساڵی دەستبە | ڕێژەی کا | جۆری |
|---|---|---|---|---|---|

| | | | کاربون | رکردن | بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئامادەکردن و دەرخستە و دیزاینکردن و ئەنجامدانی کاری خزمەتگوزاری لەگەڵ دروستکردنی ١٤٤ یەکەی نیشتەجێبون بۆ هاوڵاتیانی کەمدەرامەت لە کەلار | ٨, ٩١٠, ٨٤٥, ٠٠ ٠ | ٢٠١٣-١١-٢٥ | %٨٥ | وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠١٣ |
| ٢ | دروستکردنی ١٢ باڵەخانەی نیشتەجێبونی ٣ نهۆمی لە کەلار | ٧, ٠٠٠, ٠٠٢, ٤٦ ٨ | ٢٠١٣-١٢-٣٠ | %٧٠ | وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠١٣ |
| ٣ | دروستکردنی بینای تاقیگەی بیناسازی | ١, ٩٧٥, ٥٢٧, ٦ ٠٠ | ٢٠١٣/٨/٥ | %٦٢ | پەرەپێدانی ناوچە جیاج یاکانی هەرێم ی کوردستان |
| ٤ | ئامادەکردن و دەرخستە و دیزاینکردن و ئەنجامدانی کاری خزمەتگوزاری لەگەڵ دروستکردنی ٣٦ یەکەی نیشتەجێبون بۆ هاوڵاتیانی کەمدەرامەت لە قەزای کفری | ٢, ٢٦٥, ٥٥٩, ٠ ٠٠ | ٢٠١٣/١٢/١١ | %٨٦ | وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠١٣ |
| ٥ | نۆژەنکردنەوە و تەواوکاری بینای ئامادەیی پیشەسازی +چاکردنەوەی کەموکوریەکانی بینای قایمقامیەت و دروستکردنی هۆڵێک بۆ کاری شێوەکاری لەگەڵ کۆگا و پاسەوان لە قەزای خانەقین | ١, ٦٩٣, ٥٤٣, ٢ ٠٠ | ـــــــــــ | ـــــــــــ | پەرەپێدانی ناوچە جیاج یاکانی هەرێم ی کوردستان |
| ٦ | دوسایدکردنی رێگای خانەقین سیروان لە قەزای خانەقین | ٢, ٤٠٢, ٧٧٤, ٤ ٠٠ | ٢٠١٣/٨/٢٦ | %١٧ | پەرەپێدانی ناوچە جیاج یاکانی هەرێم ی کوردستان |

## ١٤. بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمی پرۆژە | بەرواری دەستبە کاربون | ڕێژەی کار کردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گەیاندنی کارەبا بۆ گوندەکانی سنوری ق ەزای کەلار | ٢٠ ,٢٣٣ ,٦٢١ ,٠٥ | ٢٠١٣/٨/١٣ | %٨١ | پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان |

## ١٥. دادگا و داواکاری گشتی

| ژ | ناوی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە | بەرواری دەست بەکاربون | ڕێژەی کا رکردن | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی بینای دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی کەرکوک گەرمیان لە کەلار | ٠٠ ,٦٩١ ,٩٣٩ ,٠٨ | ٢٠١٤/١١/١١ | %١٠ | وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠١٣ ئە نجومەنی دادوە ری |
| ٢ | دروستکردنی بینای فەرمانگەی داواکاری گشتی لە کەلار | ٢٠ ,٦٠١ ,٤٠١ ,٠١ | ٢٠١٣/١٠/٢٠ | %٣٥ | پەرەپێدانی ناو چە جیاجیاکاذ ی هەرێمی کور دستان |

## ١٦. قسەی ئیدارەی گەرمیان لە بارەی پرۆژە وەستاوەکان

سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان هۆکاری راگرتنی پرۆژەکانی گەرمیان دەگەڕێنێتەوە بۆ قەیرانی دارایی، دەشڵێت: لێرە پرۆژەمان هەیە بەگەڕ خراوەتەوە و کارکردن تێیدا دەستی پێکردوەتەوە.

جەلال شێخ نوری، وتیشی: لە رابردودا چەندین هەنگاومان ناوە بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانە لەلایەن حکومەتەوە ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە داوامان لە بەڵێندەران کردوە ئەوەی باری دارایی باشە ئەو پرۆژانەی کە هەیانە تەواوی بکەن و دواتر پشتگیریان بکەین و سولفەیان بۆ سەرف بکەن، بەڵام دواجار قەیرانی دارایی هەموی راگرت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: هەمو پرۆژە راگیراوەکان بۆ گەرمیان گرنگە، بەڵام ئەوەی هەیە گرنگ و گرنگتر هەیە، داوامان کردوە کە حکومەت هەموی بەگەڕ بخاتەوە و لە هەمو سێکتەرەکان داوامان کردوە.

## بەشی دووەم:

### ١. دەرئەنجام

١. ژمارەی پرۆژە راگیراوەکان لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، (٧٢) پرۆژەی جیاوازی خزمەتگوزارییە.

٢. کۆی گوژمەی ئەم پرۆژانە، بریتیە لە: (٤٣٨.٥٠٣.٤٦١.٤٨٩) چوارسەد و سی و هەشت ملیار و پێنجسەد و سێ ملیۆن و چوارسەد و شەست و یەک هەزار و چوارسەد و هەشتا و نۆ دینار.

٣. (٤٠) لە پرۆژەکان لە قەزای کەلارن بە گوند و ناحیەکانیەوە، (١٤) لە قەزای کفری و گوند و ناحیەکانین و (١٨) پرۆژەش لە قەزای خانەقین و گوند و ناحیەکانی و ئەوبەری سیروانن.

٤. پرۆژەکان لەسەر بودجەی جیاوازن، لەوانە: بودجەی ساڵانەی وەزارەتەکان، پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم، وەبەرهێنان و گەشەپێدانی پارێزگاکان.

٥. بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان لە هەمو ناوچە جیاوازەکان، زۆرترین پرۆژەی راگیراوی هەیە کە (٢٠) پرۆژەیە، لەسەر ئاستی یەک دەزگاش، بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان زۆرترین پرۆژەی راگیراوی هەیە کە (١٠) پرۆژەیە.

٦.هۆکاری سەرەکی راگیرانی پرۆژەکان، قەیرانی داراییە، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە پرۆژەکان حکومەت دەستی لێکشاندوەتەوە بە هۆکاری جیاجیا.

٦. بەشی زۆری ئەو پرۆژانەی راگیراون، پرۆژەی خزمەتگوزارین و بە دەستپێکردنەوەیان کاریگەریان دەبێت لە بردنە پێشەوەی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتیان.

٧. هەندێک لە پرۆژەکان کاری کەمیان ماوە بۆ تەواوکردن و پێویستیان بە بڕە پارەیەکی زۆر نیە.

٨. لەو پرۆژانەی راگیراون پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی تێدایە و تەواوکردنی دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ سنورەکە.

٩. پرۆژەکان ماوەیەکی زۆرە راگیراون و بەشێکیان زیانیان پێگەیشتوە و ئەمەش تێچوی پرۆژەکە زیاد دەکات.

١٠. بڕیاری دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان لای ئەنجومەنی وەزیرانەوە و بڕیارێکی مەرکەزییە بەمەش ئایندەی دەستپێکردنەوەی کار لەو پرۆژانە بە ناڕونی ماوەتەوە. هەروەک حکومەت ستراتیژێکی رونی نیە بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆژە راگیراوەکان و دیاریکردنی ئایندەی ئەو پرۆژانە.

١١. بەڵێندەران لە زیانبارانی پەیوەست بە پرۆژە راگیراوەکانن، تائێستاش حکومەت هیچ بەدیلێکی بۆ قەرەبوکردنەوەی بەڵێندەران نەدۆزیوەتەوە و لەگەڵیشیان نەگەیشتوەتە ئالیەتێک بەمەبەستی هەوڵدان بۆ تەواوکردنی پرۆژەکان.

## ٢. راسپاردەکان

بەهۆی بەردەوامی قەیرانی دارایی و نەبونی ئاسۆیەک بۆ تەواوبونی قەیرانەکە، ناتوانرێت پێشبینیەکی رونی تەواوکردنی پرۆژە تەواونەکراو و راگیراوەکان بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت دەتوانێت هەندێک ئالیەت بدۆزێتەوە بۆ دەستپێکردنەوەیان. کە وەکو پێشنیاز ئەم چەند خاڵەی لایخوارەوە دەخەینەڕو:

١. حکومەت جەردێکی تەواو بۆ پرۆژە راگیراوەکان بکات بەپێی گرنگیی و بودجەکەی، واتا بە کۆبونەوەکردن لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکان و کەسانی شارەزا، لیستێک بکرێت بۆ پرۆژەکان بەپێی گرنگییان، بەمەبەستی ئەوەی لەکاتی بونی پارەی پێویست، ئەوان زوتر لە پرۆژەکانی دیکە تەواو بکرێن.

٢. فشار لەسەر حکومەت دروست بکرێت کە لەکاتی بونی پارەدا بۆ پرۆژە، بە یەکسانی بەسەر ناوچەکان دابەش بکرێن و رەچاوی دۆخی خزمەتگوزاریی ئەو ناوچانەش بکرێت کە دورەدەستن، ئەگەر ئەمە بکرێتە بنەما، بێگومان دەرفەت دەبێت هەندێک لەو پرۆژانە تەواو بکرێن لە سنورەکەدا.

٣. واباشە هەمو یان بەشێکی ئەو پرۆژانە لە جێبەجێکارانیان وەربگیرێتەوە، بە دیوێک بەوهۆیەی خودی ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانە خۆیان ئەمەیان دەوێت، بە دیوێکی تریشدا حکومەت بودجەی بەشی زۆری ئەو پرۆژانە بەپێی پێوانەی چەند ساڵێک پێش ئێستا کردوە کە بەزۆری پێش داهاتنی قەیرانی داراییبن، کە گوژمەکان بۆ ئێستا زۆر زۆرن و رەنگە بەهەمان بودجە بتوانرێت دو پرۆژە ئەنجام بدرێتەوە!

٤. هەندێک ئالیەت هەیە کە دەتوانرێت بگیرێتەبەر بۆ تەواوکردنی هەمو یان بەشێکی پرۆژەکان، لەوانە رێگەدان بە بەکارهێنانی بەشێک لە داهاتی دەزگا خۆجێیەکان، بۆ ئەوەی ئەو داهاتە بەشێکی بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانە خەرج بکرێن.

٥. دەتوانرێت بە ئالیەتی دیکە قەرەبوی کۆمپانیا و بەڵێندەران بکرێتەوە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکان، لەوانە پێدانی دەرفەتی وەبەرهێنان پێیان، بۆ ئەوەی لە پاڵ ئەو پرۆژە وەبەرهێنانە، پرۆژە راگیراوەکەش تەواو بکات، ئەم کارەش بۆ شوێنێکی وەکو گەرمیان ئاسانترە بەوپێیەی هەم دەرفەتی ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنانی تێدا زۆرە و هەم ناوچەکەش پرۆژەی لەمشێوەیە هەڵدەگرێت، ئەگەر حکومەت رەزامەند بێت.

## لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

١. ئەحمەد حەمید وەلی
٢. زریان محەمەد
٣. رێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com yakaychawderigarmyan@gmail.com

www.radiodang.org